## ڕێنمایەکانی بەشداربوون

## لە خولی پەرەپێدانی توانستی زانستی ئەکادیمی

1. خولی پەرەپێدانی توانای ئەکادیمی (240) کاتژمێری فیعلی دەبێت لە ماوەی (6) شەش مانگ بە پێی نوسراوی وەزارەتی خوێندنی بالا وتوێژینەوەی زانستی ژمارە (7476/9) ڕێکەوت (2017/5/23) بەم شێوەی خوارەوە:-

أ. (120) کاتژمێر (کۆرسی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و کۆرسی پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی) دەبێت کە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە لە هاوپێچی فەرمانی وەزاری ژمارە (1223) لە (2016/10/24) هاتووە.

ب. (120) کاتژمێرەکەی تر بە چالاکی زانستی وەکو (بەشداریکردن و پێشکەشکردنی سیمینار وئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و وۆرك شۆپ ولێژنەی زانستی جۆراوجۆر...هتد یان هەرچالاکیەکی زانستی کە زانکۆ پێی بسپێردێت) تەواو دەکرێت.

2. خولەکە لە ڕۆژی یەکشەممە (2017/9/17) دەست پێدەکات بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ لە هەفتە و ڕۆژانە بۆ ماوەی چوار کاتژمێر لە (10) بەیانی تاوەکو (2)ی دوای نیوەڕۆ بۆ ماوەی 120 کات ژمێر بە پێی خشتەی هاوپێچ تەنها ڕۆژانی (IT skills for teaching) کە چوار کات ژمێر لە (9-1).

3. بەشداربوو سیمنارێك لە کۆتایی خولەکە پێشکەش دەکات لە بابەتێکی پسپۆریەکەی بۆ ماوەی دوازدە خولەك و بەکارهێنانی پرۆگرامی PowerPoint و 60٪ ی نمرەی تاقیکردنەوەی لەسەر دەبێت.

4. هەلسەنگاندن ڕۆژانە (10٪) ی نمرەی لەسەر دەبێت.

5. بابەتی توێژینەوە (Research) (20٪) ی نمرەی لە سەر دەبێت.

6. بابەتی (It skills for teaching) (10٪) ی نمرەی لە سەر دەبیت.

7. دەبێت بەشداربوو دەربچێت وە تێکرای نمرەی لە 70٪ کەمتر نەبیت:-

*ئەگەر تێکرایی نمرە لە نێوان (60٪-70٪) بێت تاقی کردنەوەکە لە خولی داهاتوو دوبارە دەبیتەوە.

*ئەگەر تێکرایی نمرە لە نێوان (50٪-60٪) بێت خولەکە دووبارە دەکرێتەوە.

8. . هەر بەشداربووەك دوا بکەوێت بۆ ماوەی (10) خوولەك لە هەر وانەیەك بە نەهاتن بۆی هەژمار دەکرێت.

9. هەر بەشداربووەك (12) کاتژمێر لە خولەکە نەهاتنی هەبێت ئەوا سزادەدرێت بە دوورخستنەوەی لە خولەکە.

10. ئەگەر بەشدار بوو کاتژمێرێك لەخولەکە ئامادەنەبوو ئەوا (1) نمرە لە کۆی گشتی نمرەکانی دادەبەزێت.

11. پێویستە هەموو بەشداربووانی خولەکە فۆرمی (feed back) پر بکەنەوە لە کۆتایی خولەکە بیگەرینیتەوە و هەر مامۆستایەك ئەم فورمە نەگەرینیتەوە ئەوا بەشداری لە تاقی کردنەوە ناکات.